**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە: ٦٢٧ لە ٢٠٢٢/١/٢٥**

پاڵپشت بە ماددەی (٣ / یە کەم / یەکەم-٢) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هە رێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٠ و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٤) لە ٢٠٢٠/١٢/٢ وە پاڵپشت بەیاسای ژمارە (٨) ی ساڵی٢٠٢١ یاسای هەموارکردنەوەی یاسای ماف و ئیمتیازاتەکانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ بڕیارماندا :

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە دەرماڵە لەبڕی کەمئەندامی**

١-دیاریکردنی مافی (دەرماڵەی لە بری کەمئەندامی ) بەڕێژەی (٥٠٪) لە سەدا پەنجا لە مووچەی بنەرەتی کە مئەندامی فەرمابنەر بەمەرجێک لە بڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هە زار دینار تێپەڕ نەکات .

٢-دەرماڵەی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بەپێی ڕێژەی کەمئەندامی دیاری دەکرێت لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە بەگوێرەی پێوەرەکانی ئەو ڕێنماییەی کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەهەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات لە بەر ڕوشنایی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هە رێمی کوردستان -عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ .

٣- لە کاتی خانەنشینکردنی فەرمانبەری کەمئەندام بڕی (١٠٠٠٠٠) هە زار دینار وەکو هاوکاری خەرج دەکرێت بۆ کەمئەندامی خانەنشینکراو لە بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی .

٤-ڕاسپاردنی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری تەکنیکی لە چوارچێوەی پرۆگرامی تۆماری بایۆمەتری مووچە خۆران تایبەت بە سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو فەرمانبەرانەی بەخشین وەردەگرن لە لیستی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت تاوەکو بارودۆخیان بگونجێنرێت لەگەڵ بڕگەکانی ئەم بڕیارە .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٨٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی وئابووری**